## ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ

1. حکومەتی هەرێمو دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەوەی لەتوانایاندایە ڕێکاری پێویستو زیاتر بگرنەبەر بۆ دابینکردنی ژیانی سەرەتایی ئاوارەکان.
2. چاوەڕوان دەکرێت دۆخێکی خراپتری مرۆیی لەئاوارەبوونەوەی خەڵکی ئەو ناوچانەی کەلەژێر کۆنترۆلی سوپای عێراقدا نەماون، بەتایبەت لەکاتێکدا کە هەوڵی گرتنەوەی ئەو ناوچانە دەدرێت.
3. مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لەپێش هەموو وەزارەتەکان بدرێتو لەمۆ دۆخەشدا پاداشتی تایبەتیان پێشکەش بکرێت.
4. داوا لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بکرێت هاوکاری مرۆیی پێشکەش لەو لێشاوە ئاوارە بکەن کەڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە.
5. لەڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە هەوڵ بدرێت مووچەی فەرمانبەران و ئەو هێزانەی پۆلیس سوپا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دابین بکرێت کە کەوتوونەتە ناوچە کوردستانییەکانو سەر بەئیدارەی موسڵو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقی بوون.
6. ئەگەر پەرلەمان لەتوانایدایە هاوکاری پێشکەش بەئاوارەکان بکات بەکردنەوەی کەمپێکی تایبەت بۆیان.

7. لەشەڕوپێکدادانەکاندا داوا لەهێزەکانی پێشمەرگە بکرێت زیاتر ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ بکەن.

## پێشنیار بۆدەزگاکانی ڕاگەیاندن:

1. بەپێی ماددەی (١٩) جاڕنامەی جیهانی مافی هەموو مرۆڤێك مافی وەرگرتنی زانیاری هەیە. میدیاکان ئەرکی گەیاندنی زانیاریان هەیە. بەڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، ئیتکی، پیشەیی ڕۆژنامەنووس.
2. رەچاوکردنی ئاسایشی نەتەوەییو نەگواستنەوەی زانیاری هەستیار دەربارەی ژمارەو جۆری چەكو سەربازو شوێنو جم و جوڵەکانیان.
3. میدیاکان: وەك بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەییو ئەخلاقی بەر لەوەی بیر لەپەخشو بڵاوکردنەوەی وێنەو ڤیدیۆی هەر بابەتێك بکەنەوە، دەبێ بیر لەکاریگەریەکانی بکەنەوە کە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر دەرونی منداڵو گەنجو پیری کۆمەڵگا هەیە.
4. رەچاوی تەمەن بکەن لەکاتی بڵاوکردنەوەی گرتەو بابەتەکان.
5. پێویستە میدیای کوردستانی بەگیانی هەستکردن بەلێپرسراوێتی نەتەوەییو نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ رشووداو پێشهاتەکان بکات.
6. میدیا رەچاوی هەستی نەتەوەییو ئایینیو مەزهەبی گشت هاووڵاتیانی عێراق بکات. بۆ ئەوەی بەبێتە هۆی زیاتر ورژاندنو پەرەپێدانی ململانێیەکان.
7. ناردنی پەیامنێری راهێنراوو پیشەیی زۆر تایبەت بۆ ڕووماڵکردنی جەنگ بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنیەکانو رەچاوکردنی ژیانو سەلامەتیان بەپێدانی کەلوپەلی خۆپاراستن وەك: هێلەکی گولەنەبڕو خودەو... هتد.

8. لیژنە پشتیوانی لەپەیامی سەرۆکایەتی هەرێم ئەکات کە رۆژی (2014/6/22) رایانگەیاند سەبارەت بە بەکارهێنانی ووشەی (شەهید) بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان کە هەندێك میدیا لەمیدیا کوردییەکاندا بە (کوژراو)! ناو دەبرێن. داوا دەکەین پەرلەمان بڕیارێك لەم بارەوە دەربکات.

9. میدیا دوور بکەوێتەوە لەقەبەکردنی دۆخەکەو پیشاندانی ئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخەکە توندو خراپ تر دەبێـو مەترسیەکان لەسەر هەرێم زیاتر دەبن. ئەوە لەپێناو تێکنەدانی ئارامی باری دەرونی کۆمەڵایەتی خەڵك.

10. بۆ پاراستنی ژیانو سەلامەتیان وا باشترە لەڕێگەی میدیاوەو ناو شوێ،ی ئەو پلەدارانەی پێشمەرگە کە سەرپەرشتی شەرەکان ئەکەن، بپارێزرێتو تەنانەت خۆیان بپارێزن لەپیشاندانی وێنەی ڕوخساری پێشمەرگەکان بەڕوونی، ئەویش بۆ پاراستنی ژیانیان لەحالەتی پێك هەڵبژان یان بەدیل گیرانیان.